# ڕوونکردنەوەیەک ....!!!

**خالید شەیدا ..هانۆڤەر** 16.11.07

**لە ژمارەی ٤٣٧ ی گۆڤاری هەرێم لە لاپەرە ٢٧ ڕیپۆرتاجێکم خوێندەوە لە ژێر ناونیشانی (خاتوو ئەلماس : پێشانگای نێو دەوڵەتی کتێب ساڵی داهاتوو لە تورکیا ئەنجامدەدرێت)، ئەم ووتارە لە سەر بار و دۆخی پێشانگای کتێبی نێو دەوڵەتی لە لایەن کاک دڵزار لەشکری نووسرا بوو . وادیارە ناوبراو ئاگاداری بار و دۆخی پێشانگایەکە نەبووە یاخود زانیاریەکانی لە دەمی خەڵکەوە بیستووە ،وەکوو ووتارێکی بێ سەر وبەر بڵاوی کردۆتەوە، بۆیە من دەمەوێ چەند شتێک لە نووسینەکەیدا پشت ڕاست و ڕوون بکەمەوە . ئەو لە ووتارەکەی دا ئاماژەی پێکردوە کە گوایە بۆ ساڵی داهاتوو واتا ساڵی ٢٠٠٨ پێشانگای کتێبی نێو دەوڵەتی لە تورکیا دەبێتەوە ،بێگومان ئەمە ڕاست نییە و هەلەیە چونکە ئەم پێشانگایە لە شاری فرانکفۆرتی ئەلمانیا کۆنترین پێشانگای کتێبە لە هەموو جیهان لە سەر دەمی کایزەر فریدریشی پاشا لە ساڵی ١٢٤٠ دەستی پێ کردوە و وە هەموو ساڵێش هەر لەوێ ئەنجام دەدرێت .بەڵام نەک لە تورکیا وەکو ئەم برادەرە نووسیوویەتی ، بەڵکو ساڵی داهاتوو واتا ساڵی ٢٠٠٨ تورکیا وەکوو مێوانێک لە پێشانگایەکە لە شاری فرانکفۆرت بەشداری دەکات، وەهەروها لە نووسینەکەیدا ئاماژەی پێداوە کە چەند سیمینارێک لە لایەن کەسانی شارەزا و پسپۆر پێشکێس کراوە و بەرێوەچووە ، ئەمەیان ڕاست و جێگای گومان نییە ،لە لایەن چەند دکتۆرێکی لێهاتوو شارەزا سیمیناری جۆرا و جۆر و پوخت و تێر و تەسەڵ پێشکێش کرا ،کە لە لایەن لیژنەی باڵای پێشانگاوە بانگهێژ کرا بوون . هەر لەگەڵ ئەم دکتۆرانە ڕێزدار دکتۆر جەلیلی جەلیل بانگهێژ کرا بوو ،ئەویش لەبەر ئەوەی چەند کێشە و گرفتێکی هاتە رێ نەیتوانی ئامادەبێت بۆیە بە تەلەفۆن پەیوەندی کرد بوو بە ڕێزدار مامۆستا جەمال خەزنەدار وە داوای لێبوردنی لێکردن ،کەچی ئەم برادارە لە نووسینەکەی نووسیوویەتی دکتۆر نەیتوانییە بەشداری بکە چونکە بە هۆی نەخۆشیەکی کوشندە کۆچی داویی کردوە و ماڵ ئاوایی لێ کردین ، بێگومان دکتۆر جەلیلی جەلیل تاکوو ئێستاش هەر لە ژیان ماوە و لە شاری ڤییەنا لە نەمسا دەژی ئەوەی کۆچی دوایی کرد و ماڵ ئاوایی لە دونیای کوردەواری**



مالْئاوایی یەکجارەکی فۆلکلۆریستی بەناوبانگی کورد (پرۆفیسۆر ئۆردیخانی جەلیل)

**کرد برایەکەی بوو ناوی دکتۆر ( ئۆردوخانی جەلیل)ە کە لە بەرواری ٢٠٠٧/١٠/٢٤ بە هۆی نەخۆشیەکی کوشندەوە دڵەکەی لە لێدان کەوت،وە ماڵ ئاوایی یەکجارەکی لێکردین وە هیواخوازین خوای مەزن رووحە شیرینەکەی بە بەهەشت شاد بکات .**